# ڕەهەندە مێژووییەکانی ڕۆڵی ژن
# لە دەوڵەتی ئەیوبیدا (567-657ك/1171-1260ز)

**پ.د ئاراس فريق زەینەڵ**
بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سل
Arass.Zainal@Univsul.edu.iq
**ديمن حسيب احمد**
بەشی مێژوو، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی سلێمانی
dimanhassib2@gmail.com

**ملخص:**

الأبعاد التاريخية تدعم بشكل عام دور المرأة في المراحل المختلفة للدولة الأيوبية خلال الأعوام (567-648هـ/1171-1250م). تأسست الدولة وحكمتها الأسرة الأيوبية على أساس أكثر دينية، والأيوبيون هم أكراد من سلالة الروادين، بسبب مهارتهم وفروستهم وذهبوا إلى مصر وسوريا وقد وصلت إلى حكم منطقة جغرافية واسعة في عهد زعيمها الأبرز يوسف بن نجم الدين. بن أيوب بن شاد، المعروف أيضا بالسلطان صلاح الدين الأيوبي.

ودعم البعد التاريخي (الديني والاجتماعي والسياسي والإداري) دور كل من أبرز نساء الدولة الأيوبية مثل (عصمة خاتون) و(ربيعة خاتون) و(ست الشام). وأثناء قيام الدولة، كانوا من الطبقات العليا في المجتمع والسياسة ورغم أن الأبعاد السياسية والإدارية أكثر دعما لدور المرأة في المرحلة الثانية للدولة وهي فترة التغيير في تاريخ الدولة في الأعوام (589-635هـ/1193-1249م). بدأت بالزواج السياسي، رغم أن الأبعاد الشخصية والعاطفية دعمت دور نساء أخريات مثل السودة.

وبالإضافة إلى هيمنة التاريخ السياسي والإداري، فإن البعد الشخصي يساعد أيضا على دور المرأة واستمراريتها خلال ضعف الدولة وانهيارها، خلال الأعوام (635-648هـ/1249-1258م). ونسميه الجيل الثالث الأيوبي، دعماً متواصلاً لدور (زفة خاتون) ودور (شجرة الدار)، ورغم أن الجانب الديني البعد الذي حال دون الدور الرسمي للشجرة، كان السبب في نهاية الدولة الأيوبية. كما أن هذه الأبعاد ذاتها، إلى جانب الأبعاد الاقتصادية والدينية، دعمت بشكل خاص دور المرأة في المجال الحضاري للدولة الأيوبية.

**Summary:**

The historical dimensions generally support the role of women in the different stages of the Ayyubid state in those years (567-657 AH / 1171-1260 AD).) This state was founded and ruled by the Ayyubid dynasty on a more religious basis. The Ayyubids were Kurdish dynasties of Rawadin. They went to Egypt and Syria because of their skill and horsemanship), have arrived They ruled over a large geographical area under their most prominent ruler, Yusuf ibn Najmuddin ibn Ayyub ibn Shad, also known as Sultan Salahuddin al-Ayyubi.

The historical (religious, social, political and administrative) dimension supports the role of each of the most prominent women in the Ayyubid state, such as (Esmah Khatun), (Rabia Khatun) and (St. Al-Sham). Although the political and administrative dimensions contributed more to the role of women in the second phase of the state, which was the period of change in the history of the state in those years (589-635 AH / 1193-1249 AD). They begin a political marriage, although the personal and emotional dimension is supported by the role of other women such as Al-Suda.

In addition to the dominance of political and administrative history, the personal dimension also contributed to the role of women and their continuity during the weakness and collapse of the state, during the years (635-648 AH / 1249-1258 AD), We call it the third generation of Ayyubid, as a continuous support of the role of (Zifa Khatun) and the role of (Shajrat al-Dar). Although the religious dimension prevented the official role of the tree, it was the culmination of the Ayyubid state. Furthermore, these related dimensions, along with economic and religious dimensions, especially contribute to the role of women in the civilized spheres of the Ayyubid state.

**پێشەکی:**

ژن پێگەو ڕۆڵی دیاری هەبوە بەدرێژای مێژووی مرۆڤایەتی، لەمێژووی سەدەکانی ناوەراست، بەتایبەتی لەدەوڵەتی ئەیوبیدا لەماوەی سـاڵانی(567-657ك/1171-1260ز)، کە بەچەندین سـەردەمی جیاوازدا تێپەڕیوە، لەکاتێکدا دەوڵەتی ئەیوبی لەلایەن بنەماڵەی ئەیوبیەکانەوە دامەزراوە و بەڕێوەبراوە، لەکوردە خانەدانەکانی ڕەوادین، دوای ئەوەی باپیرە گەورەی ئەیوبیەکان (ایوب بن شـاد) لەگەڵ خێزانەکەی، لەگوندی (اجداقان) لە دەروازەی شـاری (دوین) لەهەرێمی (اذربایجان) چوونەتە (تکریت) لەوێوە بۆ (موصـل) پاشـان (حلب) دواتر بۆ (دمشـق) ئنجا چوونەتە (مصـر)، گەیشـتون بەدەسـەڵات و سـنورێکی جوگرافیای فراوانیان لە ژێردەستدا بوە، کۆتاییان بە دەسـەڵاتی دەوڵەتی فاطمی(297-567ك/909ز-1171ز)، پەیڕەوکاری ئایینزای شیعی (ڕێبازی ئیسماعیلی) هێناوە، جێگەیان گرتوەتەوە لەسەر دەستی دیارترین سەرکردەیان (یوسف بن نجم الدین بن ایوب بن شاد)، ناسراوە بە سوڵتان(صلاح الدین الایوبی).

بێگومان ڕۆڵی ژن پەیوەسـتە بەچەندین ڕەهەندی مێژووی(ئایینی، کۆمەڵایەتی، کلتوری، ڕەگەزی، کارگێڕی، سـیاسـی و ئـابووری) لە دەوڵەتی ئەیوبیـدا، وەك پـاڵنەری ڕۆڵی هەریەك لە (عصـمـة خـاتون/م581ك/1185ز)، (غـازیـةخـاتوون، م616ك/1219ز)، (ضـیفیة خاتون، م641ك-1243م) و(الملكة شـجرة الدر، م655ك/1257ز) بوون، کە دیارترینی ژنەکانن جێگە دەستیان دیارە لەقۆناغی (دامەزراندن وجێگری، گۆڕانکاری مێژووی، لاوازی وڕووخانی) دەوڵەتدا.

بێگومـان گرنگە شـیکاری تـایبەت بکەین بۆ ڕەهەندە مێژووییەکـانی ڕۆڵی هەریەك لەو ژنـانە، تـاوەکو دەرکەوێت چی ڕەهەندێك یارمەتیدەرە یان ڕێگریان بوە، لەکاتێکدا توێژینەوەی تایبەتی لەبارەوە نەکراوە، بۆیە توێژینەوەیەکی زانسـتیمان کردوە بەنـاونیشـانی(ڕەهەندە مێژووییەکـانی ڕۆڵی ژن لە دەوڵەتی ئەیوبیدا/567-648ك/1171-1250ز)، پێکهاتەی نـاوەڕۆکی ئەم توێژینەوەیە بریتییە لە: پێشـەکی، پوختە، دووباس، ئەنجام، لیسـتی سـەرچاوەکان، باسـی یەکەم/ڕەهەندی (کۆمەڵایەتی، ئایینی، سیاسـی وکارگێڕی)، لەسێ تەوەر پێکهاتوە، تەوەرەی یەکەم/لە (سـەردەمی دامەزراندن و جێگیری دەوڵەت)، تەوەرەی دوەم/لە (سـەردەمی گۆڕانکارییە مێژوویەکان)، تەوەرەی سـێیەم/لە (سـەردەمی لاوازی و ڕووخانی دەوڵەت)، باسـی دووەم/ڕەهەندی (ئایینی، کـارگێڕی، ئـابووری و ڕەگەزی)، لە دوو تەوەر پێکهـاتوە، تەوەرەی یەکەم ڕەهەندی (ئـایینی، کـارگێڕی و ئـابووری)، تەوەرەی دووەم(ڕەهەندی ڕەگەزی، کاریگەری ڕۆحی و بەرجەستەی ژن لەسەر ژن).

**باسی یەکەم/ ڕەهەندی کۆمەڵایەتی، ئایینی، سیاسی وکارگێڕی**

ڕەهەندی (کۆمەڵایەتی، ئایینی، سیاسی و کارگێڕییەکان) لەسەرەکیترین پاڵپشتیەکانی ڕۆڵی ژنن لە دەوڵەتی ئەیوبیدا، چونکە زۆربەی زۆری ئەو ژنانەی لە دەوڵەتەکەدا ڕۆڵیان هەبوە لە چینی باڵای کۆمەڵگابوون لەبنەڕەتدا یاخود لەدواتردا گەیشـتوون بە ئەو چینەباڵایە ، لەگەڵ ئەوەی لە خانەوادەی فەرمانڕەوای باڵای دەوڵەت بوون، لەخێزانی سوڵتان و مەلیکە ئەیوبیەکان (هاوسەر، دایك، خوشـــك، کچی، پور و کەنیزەك)ەکانیان بوون، یاخود لەدەرەوەی ئەم خانەوادانەبوون لەئاسـتی زۆر نزیکی پێگەییاندا (الجالودي و عبد الباقي:2013م، 27/7)، بەباسـکردنی ڕەهەندە مێژووییەکانی ڕۆڵی ژن لە قۆناغە جیاوازەکانی ئەم دەوڵەتەدا لەم تەوەرانەدا زیاتر دەردەکەون:

**تەوەرەی یەکەم/ لە سەردەمی دامەزراندن و جێگیری دەوڵەت**

ژن ڕۆڵی هەبوە لەسـەردەمی دامەزراندن، جێگیری و بەهێزی دەوڵەتی ئەیوبیدا، کە قۆناغی یەکەمێتی لە سـاڵانی(567-589ك/1171-1193ز)دا، ئەمەش پەیوەستە بە ڕەهەندی (کۆمەڵایەتی، ئایینی، سیاسـی و کارگێڕی)، کاتێك ژن لەسـەرئاستی بەهێزی پەیوەندی سیاسـی ناوخۆ و دەرەوەی دەوڵەتی ئەیوبی و فراوانکردنی سنوری دەسـەڵاتی و جێگیرکردنی ڕۆڵیان بینیوە، هۆکاری سـیاسـی زۆرکاریگەری هەبوە لەسـەریان، بۆ نموونە ڕۆڵی سـیاسـی و کارگێڕی (عصـمة خاتون) لەو ڕوانگەوە سەرەڕای ئەوەی لە چینی باڵای سیاسی کۆمەڵگادابوە، چونکە هاوسەری سوڵتان(نورالدین محمود زنکی) و (ابن قاضی شهبە: 1971م، 124) کچی(معین الدین انر/م544ك/1149ز)بوە، کەخاوەن پێگەی کۆمەڵایەتی وسـیاسـی باڵای کۆمەڵگاکەی بوە،

لەگەڵ ئەوەشـــدا کەســـایەتێکی زیرەك ولێهاتوو بوێر وفەرمانڕەوای (دمشـــق) بوە لەدەوڵەتی زەنگی(الذهبی: 1996م، 229/20) (ابن طولون: 1980م، 104)، ئـاشــــکرایە(عصـــــمـة خـاتون) پەروەردەی تـایبەت کراوە لەنـاو ئەم بنەمـاڵە فەرمـانڕەوا و ئەزموندارانەدا، لەئەنجامدا کەســایەتێکی ژیر، بەتوانا، خۆڕاگر، ئاشــتیخواز، بوێرو ئەزموندار هەڵکەوتوە(ســبط ابن الجوزی: 2013م، 308/21) (ابو شامة: 2002م، 157/3) (المقریزی: 1997م، 164/1).

هاوکات (عصـمة خاتون) دایکی مەلیك(الصـالح الاسـماعیل) جێنشـینی شـەرعی فەرمانڕەوای دەوڵەتی زەنگی بوە، بەهۆی پەیڕەوکردنی ســـیســـتەمی میراتگری لە دەوڵەتی زەنگی هاوشـــێوەی وولاتانی ئیســـلامی هاوســـەردەمی تایبەت بەکوڕ، کوڕەکەی(صـالح اسـماعیل) کراوە بەجێنشـین، تەمەنی یانزەسـاڵان بوە و نەگەیشـتوەتە تەمەنێکی شـیاوی فەرمانڕەوایەتی، بۆیە دایکی فەرمان بەدەســـت بوە(ابن الاثیر: التاریخ الباهر في الدولة الاتابكیة، 2013م، 162،164) (الذهبی: 1996م، 229/20-230، 110/21)، لەگەڵ ئەوەی ســـوڵتـان(صـــلاح الـدین) ویســـتی دروســـتکردنی دەوڵەتێکی یەکگرتووی بەهێزی هەبوە بۆبەرەنگاربوونەوەی خاچپەکان، وەکو ڕایگەیاندوە دڵسـۆزی ئیسـلام و خەڵکەکەیەتی و دەیەوێت کۆیانبکاتەوە لەسـەریەك وتار، لەوکاتەی بەرەوگرتنی ناوچەکانی(الشام)چوە (ابن واصل: 1957م، 18/2).

هەروەها یەکەم سوڵتانی ئەیوبی (صلاح الدین) پەیوەندی کۆمەڵایەتی و سیاسی بەهێزی لەگەڵ هاوسەری (عصمة خاتون) هەبوە، کە هاوڕێی نزیکی بوە و لەژێر فەرمانی ئەودا کاری کردوە لەپێشـــتردا لەدەوڵەتی زەنگی، بۆیە بەرژەوەندیەکی دوو لایەنە لەنێوان ئەم خاتونە و سوڵتان(صلاح الدین) هەبوە، بەڕازی بوونی بەهاوسەرگیرکردنی لەگەڵ سوڵتاندا پێگەکەی پاراستوە ، دەوڵەتی ئەیوبیشی جێگیرترکردوە، لێرەشـدا دەردەکەوێت ئەم ڕەهەندانە هاوکێش بەیەکتر یارمەتیدەری ڕۆڵی(عصـمة خاتون) بوون (المقریزی: 1997م، 164/1) (ابو الفداء: 1999م، 72/3).

ئەوەی دووپاتی بوونی ئەو ڕەهەندانە دەکاتەوە لەپاڵپشـــتی ڕۆڵی ژنان نێوەندگیری ســـیاســـی دایکی(عزالدین مســـعود) خاوەنی(موصـــل) و کچی فەرمانڕەوای زەنگی (نورالدین زنگی) کۆمەڵێك لە ژنانی ترە لە(موصـــل)، بەهۆی ئەو پێگە باڵای کۆمەلایەتی وسـیاسـیەی هەیان بوە، کاتێکیش قبوڵ نەکران لەلایەن سـوڵتان(صـلاح الدین)، ڕەنگدانەوە هەبوە لەلای ئەوانەی یاوەریانکردوە پێیانوابوە ئەگەر داوای (الشام) یش بکەن سوڵتان ڕەتیناکاتەوە (ابن الاثیر: الکامل، 1987م، 202/9) (ابن العبری: 1992م، 381)، دواتریش لۆمەکراوە، وەك(ابن العبری) ئاماژەپێدەکات بەهۆی لۆمەی دەوروبەر و دادوەر (القاضـی الفاضـل)، ســـوڵتان(صـــلاح الدین) پەشـــیمانبوە لەوهەڵوێســـتەی بەرامبەر پێگەی ئەو ژنەو ژنانی یاوەری کردویەتی،(ن.م، 220) بۆیە لەساڵی(581ك/1185ز) بۆ دووەمجار گەمارۆی (موصل)ی داوە، کۆمەڵێك لەژنانی ئەتابگی هەستاون بەنێوەندگیری وداواکردنی ئاشتی وئاسایش، ئەم جارەیان سوڵتان پێگەی کۆمەڵایەتی وسیاسیانی لەبیرنەکردوە و بەڕێزەوە بە داوەکەیان ڕازی بوە، ئەمەش دەردەخات ڕەهەندی کۆمەڵایەتی وسـیاسـی زیاتر پاڵپشـتی ڕۆڵی ئەم خاتونانە بوە (الذهبی: تاریخ الاسـلام، 2003م، 667/12؛ 441/14).

هەروەها هەندێك کات ڕەهەندە ســـیاســـیەکە پاڵپشـــتی ســـەرەکی ڕۆڵی ژنن، وەك ڕۆڵی(ربیعة خاتون/م643ك/1245ز) لەجێگیرکردنی دەوڵەتی ئەیوبی سـەرەڕای ئەوەی لە بنەماڵەی دەسـەلاتداربوە، خوشکی سـوڵتانەکان(صـلاح الدین والعادل) بوە، پێگەی سیاسی وکۆمەڵایەتی(سعد الدین مسعود بن معین الدین أنر) مەترسی هەبوە بۆ دەوڵەتی ئەیوبی، بۆیە ئەم خاتونە لەگەڵیدا هاوســـەرگیریکردوە، چونکە (ســـعد الدین مســـعود) یەکێك بووە لەگەورەترین میرەکان، وبرای(عصـــمة خاتون)ی هاوســـەری ســوڵتان(صــلاح الدین)ە، جێگەی تێڕامانی ســوڵتان بوە لەلایەك و لەلایەکی دیکەش بەرژەوەندی هاوبەشــی ســیاســی لە نێوانیاندا بوونی هەبوە، چونکە بوونی ئەو پێگە کۆمەڵایەتیەی (عصمەخاتون) و(سـعد الدین مسـعود) لەناو بنەماڵەی ئەیوبی، جێگەی ئەو پێگە ســـیاســـی بۆ گرتوونەتەوە، کەلە پێشـــتر لە دەوڵەتی زەنگی هەیانبوە (ســـبط ابن جوزی:2013م، 308/21) (ابن خلکان: 1977م، 120/4) (ابن العماد الحنبلی: 1988م، 379/7) (peter gubser: 2010, 134).

دواتریش پێگەی کۆمەڵایەتی و سیاسی(ربیعە خاتون) هۆکاربوە بۆ ئەوەی ببێتە پەناگەیەکی سیاسی بۆ حاجیانی (العراق) و نێوەندگیریەکی ســـیاســـی بکات لەگەڵ میری(مکة)، وەك ئاشـــکرایە لەکۆتای پەیامەکەی(ربیعە خاتون) بۆ (قتادة)ی میری(مکة) ناردی، پێیڕاگەیاندوە: ''دەزانیت ئێمە کێین و براوبرازاکانمان کێن، ســـوێند بەخودا ئەوەی من دەیکەم کەنەکراوە''ســـبط ابن جوزی:2013م، 556/8))ابوشامة: الروضتین، 245/3((ابوشامة: ذیل الروضتین، 2002م، 120/5).

ئەوەی شـــایەنی باســـە ڕۆڵی زۆرینەی ژنانی ئەیوبی بەدەرنیە لەکلتور و ویســـتی بنەماڵەی ئەیوبی لەپاراســـتنی ڕەچەڵەکی بنەماڵەکەیان، کەڕەنگیداوەتەوە لە زیاتر گرنگیدان بەژنانی بنەماڵەی خۆیان و زیاتر متمانە پێکردنیان بەبەراورد بە ژنێکی بێگانە، یاخود کەنیزەکەکان، هەرچەندە پاشـــاکانی ئەیوبی کەنیزەکی زۆریان هەبوە بەمەبەســـتی خزمەتکردنی ماڵ ومنداڵ وکۆشـــکەکانیان و بەشـــداری پێکردنیان لە ئاهەنگی شـــەوانە کڕیویانن بەهۆی جوانی، تواناو، لێهاتووی و ژیریانەوە، دواتریش

ڕاهێنانی تەواویانپێکراوە، فێری(قورئان، زمانی هۆنراوە و گۆرانیوتن)کراون، بۆ کۆشک ئامادەکراون (المقریزی: 1997م،ژ107/7) (علی و عبدالستار: 2015م، 65/ 299، 305) (فلاح القضاه: 2007م، 271-285).

ژنانی کۆیلە(کەنیزەك) لەئاستێکی نزمتر بوون بە بەراوورد بەخوشك و کچانی مەلیکەکانی بنەماڵەی ئەیوبی، لەبەرئەوەی ڕەچەڵەکیان دیارنەبوە، هەرلەبەرئەمەش ڕێگربوون لەبوونی پەیوەندی لەگەڵ ژنێکدا ڕەچەڵەکی دیار نەبووبێت، وەك سوڵتان(صلاح الدین) ڕێگریکردوە لە کوڕەکەی (العزیز) پەیوەندی هەبێت لەگەڵ کەنیزەیەك بەناوی(سرور) زۆری خۆشویستوە(ابن کثیر: 1990م، 26/13).

ئەوەی زیاتریش جەخت لەم هۆکارە دەکاتەوە زۆربەی هاوسەرگیریەکان لەچوارچێوەی بنەماڵەی ئەیوبیدان، بە زۆری لەنێوان کوڕ وکچی مامەکان (ئامۆزاکانیان) ئەنجامدراوە لەسەر ویستی باوك و برا دەسەڵاتدارەکانیان، خۆیان دیاریانکردوە بەهاوپێچی ئەوهۆکارە سیاسیانەی لەئارادابوون، هاوکاتی ئەوەی ئەو جۆرە هاوسەرگیریە ڕێگەپێدراوە لەڕیبازی ئایینیان بەمەرجی باشبوونی پەیوەندی نێوان سەرپەرشتیار و ژنەکە (عزیز: 2008م،43) (عیزەت: 2014ز، 175)، بۆنموونە(ست الشام) لەسەر خواستی براکەی سوڵتان(صلاح الدین)، هاوسەرگیریکردوە لەگەڵ ئامۆزاکەی(محمد بن اسد الدین شیرکوه)، کوڕی دیارترین کەسایەتی سیاسی بنەماڵەکەیان بوە، لە کاتێکدا زانیویەتی ئەو کوڕە خۆی بەشایستە تر دەزانێت بۆ سوڵتانێتی وڵات و مافی لە پێشترە لە (صلاح الدین)، بۆیە سوڵتان مەبەستی بوە لە خراپەکاری و مەترسیەکانی ئەو کوڕە و ناوخۆییەکانی تر خۆیبپارێزێت ، لەکاتێکدا مەترسیە دەرەکیەکانی وەکو شەڕی خاچیەکان لەئارادابوە(سبط ابن جوزی: 2013م، 308/21).

**تەوەرەی دووەم/سەردەمی گۆڕانکاری مێژووی دەوڵەت**

ژن ڕۆڵی هەبوە لەسەردەمی گۆڕانکاری مێژووی دەوڵەتی ئەیوبی لەسالانی(589-635ك/1193-1249ز)دا، لەگەڵ ئەوەی ئەو ژنانە لەچینی باڵای کۆمەڵگا بوون، بەڵام زیاتر ڕۆڵیان سەرچاوەیگرتوە لەئەنجامی ئەو کێبرکێ سیاسیەناوخۆییەی لەسەرجێنشینی سەرەکی و کۆنترۆڵکردنی زۆرترین ناوچە لەچوارچێوەی سنووری وڵاتەکەیان هەبوە، لەکاتێکدا دەوڵەتیان بەسیستەمی دەرەبەگایەتی(الاقطاعات) لەسەربنەمای میراتگری یاخود پشتاوپشتی بەڕێوەبردوە(محمد: 1989م، 234) (زەینەڵ: 2009م، 227/10)، وەك ڕۆڵی هەریەك لەکچەکانی مەلیك(العادل) لەپێناو بەدەستهێنانی جێنشینی سەرەکی بۆ باوکیان و کۆنترۆڵکردنی تەواوی دەسەڵات لەژێردەستی باوکیان، بوونی پاڵپشتی سیاسی بۆ باوکیان بوە، وەك ڕۆڵی(غازیة خاتون) هاوسەرگیریکردوە لەگەڵ ئامۆزاکەی مەلیك(الظاهربن صلاح الدین) خاوەنی(دمشق)، و کچێکی تری مەلیك(العادل) هاوسەگیریکردوە لەگەڵ ئامۆزاکەی مەلیك(العزیز بن صلاح الدین) خاوەنی (مصر) (ابن العدیم: 1996م، 453، 458) (ابن واصل: 1957م، 34/3-35) (النویری: 2004م، 298/28)، دواتر کچێکی تریشی بەناوی (ضیفةخاتون) بۆهەمان مەبەست هاوسەرگیریکردوە لەگەڵ مەلیك(الظاهر) لەدوای مردنی خوشکەکەی بۆ ئەو مەبەستە لەلایەك و لەلایەکیتر لەسەر داوای مەلیك(الظاهر)بوە بۆبەدەستهێنانی پشتیوانی مامی مەلیك(العادل) دژی براکەی مەلیك(الافضل) (ابن العدیم: 1996م، 480) (ابن خلکان: 1977م، 10/4) (الذهبی: العبر، 1985م، 207/5) (نامق: 2016، 113).

لەگەڵ ئەوەی (ضیفةخاتون) دایکی مەلیك(العزیز) بوە، هەرچەندە جێگرەوەی دەسەڵاتی شەرعی باوکی نەبوە، چونکە مەلیك(الظاهر) کوڕێکی گەورەتری هەبوە لە ژنێکی تر بەناوی مەلیك(الصالح صلاح الدین احمد)، بەڵام (ضیفة خاتون) بەهاوکاری مەلیك(العادل) باوکی، چونکە کوڕی کچی خۆی بوە، پشتگیریانکردوە لە دانانی(العزیز) بەجێنشین ، بۆیە (الصالح صلاح الدین احمد بن الظاهر) دوورخستەوە لە جێنشینی (ابن العدیم: 1996م، 458) (ابن واصل: 1957م، 30/5) (ابن شداد: 1978م، 88/2)، لەلایەکی تر بەهۆی ئەوەی دایکی کەنیزەك بوە پێشتر، بە بەراورد بە(ضیفة خاتون) خاوەنی ئەو پێگە باڵایە کۆمەڵایەتیە نەبوە، هەرچەندە بوەتە هاوسەری مەلیك و دایکی کوڕەکەی بوە(ابو الفداء: 1999م، 208/3) (الصفدی: 2000م، 190/16).

لەگەڵ ئەمانەش توانا و لێهاتووی کەسی هۆکاری بەردەوامی ڕۆڵی (ضیفة خاتون) بوە، کە ژنێکی بەتواناو سیاسەتمەدارێکی لێهاتووبوە، چونکە توانیویەتی لەوسەردەمە ئاڵۆزەی دەوڵەتی ئەیوبی، پڕلەململانێی سیاسی و کارگێڕیە ناوخۆییەی ناوبنەماڵەی ئەیوبی، دەسەڵات بگرێتەدەست و ڕازیانبکات، دەسەڵاتی لەبەرامبەر دەسەڵاتداری برازاکەی و ئامۆزاکەی بپارێزێت و هەوڵەکانی مامی مەلیك(الکامل) پوچەڵ بکاتەوە(ابو الفداء: 1999م، 58/3) (ابن الحنبل الحلبی: 1988م، 45-46)، بەرەنگرنەوەی داواکەی بۆ پەروەردەکاری کوڕەکەی، چونکە هەستی بەنیازی میرایەتی ئەوکردبوو، (ابن العدیم: 1996م، 479) هەروەها سیاسەتمەدارێکی ئەزموندار بوە، چونکە درکی بەو پێشهاتە ناکۆکیە سیاسیە ناجێگیرانەی نێوان برا و کوڕانی بنەماڵەی ئەیوبی کردبوو، وەك نێوان مەلیك(الصالح) ومەلیك(العادل)، یان مەلیك (الجواد یونس بن مودود بن العادل) ومەلیك(العادل)، هاوکات لەگەڵ دەسەڵاتدارانی دەوروبەر، وەك مەلیك(الجوادیونس) و(الخوارزمی) ،کەکاتین و تێدەپەڕن، بۆیە خۆی بەدوورگرتوە لەدەستوەردان لەو نێوەندانەدا، بەدەرفەتی بەسوودی نەزانیون بۆ زیادکردنی دەسەڵات وفراوانکردنی سنوری

دەسەڵاتی، لەگەڵ ئەوەی ڕێگەشی بۆخۆشكراوە،(ابن العديم: 1996م،498-499) هەتا كۆچیدوایكردوە لەساڵی(640ك/1242ز) خاوەن دەسەڵاتێكی بەهێز، بەخشندەو میهرەبان بوە(الذهبي: تاريخ الاسلام، 2003م، 437/46) (رشيد الطائي: 2020م، 23-29).

سۆزداری هۆكارێكی تری پشت ڕۆڵی ژنن لەم سەردەمەی دەوڵەتدا، وەك ڕۆڵی خاتوو (السوداء) بەهۆی سەرسام بوونی مەلیك (الكامل بن العادل بن ايوب)پێی لەوكاتەی چاوپێكەوتوە وەك كەنیزەكێكی جوان هاوسەرگیری لەگەڵكردوە، دواتریش بوەتە دایكی مەلیك(العادل الثانی/م637ك/1240ز)، ئاهەنگی بێ وێنەی گێراوە، كاریگەری زیاتر بوە لەسەری(المقريزي: 1997م، 383/1) بۆیە لەلای (ابن الوكيل) ئەم ژنە بە (الملكة شمسة) وەسف كراوە(1999م، 59).

سەرەڕای ئەمانە (الست السوداء) لێهاتووبوە، وەك ئاشكرایە لەدوای كۆچی دوای مەلیك(الكامل)، تەواو هەوڵی خۆی دەدات بۆ جێگیركردنی مەلیك(العادل)ی كوڕی بۆجێنشینی لە(مصر)دا، كە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی، پەیوەندی دەكات بەمەلیكەكانی(الشام) بۆ ئەومەبەستە بەزووی نوسراویان بۆدەنێرێت و زەمینەسازی دەكات، كە ڕەزامەندی مامی لەگەڵ خاوەنی(حمص) بۆ بەدەستهێناوە، ئەمەش دووپاتی لێهاتووی كەسی دەكاتەوە لەپاڵپشتی ڕۆڵی ژن(ابن الوكيل: 1999م، 59).

شایەنی باسە هاوكاتی پاڵنەرە كێبركێ سیاسیەناوخۆیەكان، پاڵنەرە سیاسیە دەرەكیەكانیش زیاتر زاڵ بوون لەهەندێ كاتدا، وەك هۆكاری ڕۆڵی كچەكانی مەلیك (المعظم) بوون، كە مەترسی خاچیەكان هەبوە، وەك لەوكاتەدا پەلاماری شاری(خلاط)یان دابوو، ململانێی زۆری ناوخۆی هەبوە لەگەڵ گۆڕانی هاوكێشە سیاسیەكان بەزووی لە ناوخۆ و دەرەوەشدا، پێویستبوونی هەریەكە لەمەلیكەكانی ئەیوبی بەپاڵپشتی هێزی دەوروبەری هێناوەتەئاراوە، لەوڕوانگەوە بۆبەهێزكردنی پەیوەندییە كۆمەڵایەتیەكانیان لەسەرئاستی خێزانی، بەمەبەستی بەهێزكردنی پەیوەندییە سیاسیەكانیان، لەسەر بنەمای پشكداری ژن و ژنخوازی سیاسی بەجۆری ژنبەژن بونیادنراوە، كچێكی مەلیك(المعظم) بە هاوسەرگیریكردنی لەگەڵ (ناصرالدين بن قطب الدين ارتقي) خاوەنی (ماردين) لەسەر خواستی باوكی(سبط ابن الجوزي: 2013م، 256/22) (ابوشامة: الذيل على الروضتين، 2002م، 194)، ڕۆڵی كچی مەلیك (ناصر الدين ارتقي) بەهاوسەرگیریكردنی لەگەڵ مەلیك(المعظم بن العادل) (ابن الاثير: الكامل، 1987م، 411/10) (مؤلف مجهول: 2010م،341)، هەروەها (دار المرشد) كچی مەلیك (المعظم)، هەمان پاڵنەری ڕۆڵی هەبوە، بەهاوسەرگیریكردنی لەگەڵ(جلال الدين خوارزم شاه)، لەگەڵ ئەوەی خەوارزمیەكان بەهێز بوون و جێگەی مەترسی بوون لەسەر ناوچەی ئەیوبیەكان، وەك (جلال الدين خوارزم شاه) گەمارۆی (خلاط)ی مەلیك (الاشرف) دابوو بۆ ماوەی چل ڕۆژ بەردەوامبوە، ئەمانەش نیشانی ئەدەن هاوپێچی ڕەهەندی كۆمەڵایەتی، لێهاتوی كەسی، سیاسی زیاتر پاڵنەری ڕۆڵی ژن بوە لەم سەردەمەدا (ابو شامة: الذيل على الروضتين، 2002م، 223).

**تەوەرەی سێیەم/ سەردەمی لاوازی و رووخانی دەوڵەت**

ژن ڕۆڵی هەبوە لە سەردەمی لاوازی و كۆتای هاتن بە دەوڵەتداری، كە قۆناغی سێیەم و كۆتای دەوڵەتی ئەیوبییە لەساڵانی(635-648ك/1249-1258ز)دا، بێگومان ڕەهەندی(كۆمەڵایەتی، ئایینی، سیاسی و كارگێڕی) پشكداری ڕۆڵی ژنن، هەرچەندە ڕەهەندی سیاسی و لێهاتووی كەسی زیاتر كاریگەریان دەردەكەوێت، وەك بەردەوامی ڕۆڵی (ضيفة خاتون) لەم سەردەمەدا بەهۆی بەهێزی پێگەی سیاسی و لێهاتووی سیاسی بوە (سبط ابن الجوزي: 2013م، 735/8) (ابن العديم: 1996م، 497).

هەروەها بوونی هاوسەرگیری سیاسی ژنانی بنەماڵەی ئەیوبی زیاتر لەگەڵ دەرەوەی بنەماڵەی ئەیوبی بەتایبەتی هێز و لایەنە دەرەكیەكان ئەوە دەسەلمێنێت، وەك هاوسەرگیری خوشكی مەلیك(الصالح بن الكامل) لەدایكەوە، لەگەڵ سەركردەی خەوارزمیەكان(حسام الدين بركة خان) لەساڵی(637ك/1238ز) بە خواستی براكەی(ابن واصل: 1957م،197/5) (المقريزي: 1997م، 391/1) (النسوي: 1953م، 381)، هەروەها هاوسەرگیری سیاسی (غازية خاتون) لەگەڵ ئەوەی لە چینی باڵای دەسەڵاتدارانی ئەیوبییە، كچی مەلیك(الكامل بن العادل)، لەگەڵ(المظفر الدين تقي الدين محمود م642ك/1244ز) خاوەنی(حماة) (الذهبي: سيراعلام النبلاء، 1996م،347/23) (ابن الوردي: 1970م، 170/2).

ئەوەی شایەنی باسە ڕەهەندی (كۆمەڵایەتی، ئایینی، سیاسی و كارگێڕی) ئاشكران لە ڕۆڵی ڕاستەوخۆ و فەرمی (شجرالدر)، كە بەڕەچەڵەك ئەیوبی نیە و پێشتر كەنیزەكیش بوە، ئەوەی زیاتر ڕێگەیكردوەتەوە بۆئەوەی ژنێكی وەك(شجر الدر) بێتە ناو دەوڵەتی ئەیوبی پەیڕەوكردنی سیستەمی دەرەبەگایەتی(الاقطاعات) و ناكۆكی بەهێزی ناو نەوەی سێیەمی بنەماڵەی ئەیوبیەكان بوو، كەسەرچاوەیگرتوە لەبوونی ناكۆكیەناوخۆییەكان لەدوای كۆچی دوای سوڵتان(صلاح الدين الايوبي/589ك/1193ز) لەسەردەمی فەرمانڕەوای مەلیك(العادل) و پشت بەستنی هەریەك لە كوڕانی ئەیوبی بۆ پاراستنی دەسەڵاتیان بەخێڵەكان (ابن العميد: 1997م، 6، 14)، دواجاریش هەندێكیان لەئەنجامی دژایەتیكردنی لەلایەنی بنەماڵەكەی بەهۆی ئەوەی دایكی كەنیزەك بوە و لێهاتووی سیاسی نەبوە لە لایەك و كاریگەری ژنێكی بەتوانای تر لەبەرامبەردا لەلایەكی

تر بێبەشکراوە لە مافە سیاسیە ڕەواکانی و دوورخراوەتەوە پەراوێز خراوە، لەوانەش مەلیك(الصـالح نجم الدين)، دايكی(وردة المنى) كەنيزەكێكی ڕەشپێست بوە بۆ پاراستنی ڕەچەڵەك و بوونی منداڵێك مەليك(الكامل) كردويەتی بەهاوسەری، بەهۆی ئەوەی لە (مؤنسـة خاتون) كچی سـوڵتان(صـلاح الدين) هيچ منداڵێكی نەبوە، بۆيە كاريگەرێكی واى نەبوە لەسـەر مەليك(الكامل) (ابو الفداء: 1999م، 218/3) (النويری: 2004م، 165/29-168) (ابن الوردی: 1970م، 176/2)، دواجاريش بەهۆی كاريگەربونی بە كەنيزەك (السوداء)ی كردنی بەهاوسەری خۆی كە پێشتر ئاماژەی پێدرا، بۆيە باوكی مەليك(الصالح نجم الدين) بەكاريگەری هاوسـەرەكەی (السـوداء) لەجێگری خۆی لای دەدات لە (مصـر)و دووری دەخاتەوە بۆ ڕۆژهەڵات(ابن العميد:1997م،26) (المقريزی:1997م،349/1) (السـرحان: 2013م،283)، پاش كۆچی دوای باوكی لە جێنشـينی دووری دەخەنەوە، وەك كوڕە گەورە مافی خۆی بوە، لەگەڵ دايكی لە(الكرك) زيندانيان كردوون، مەليك(الصـالح نجم الدين) هەر لەو كاتەی جێگری باوكی بوە لە(مصـر)، دواتريش بۆ پێكهێنانی هێزێكی سـەربازی تا بەرگری لێبكەن لەبەرامبەر هێزە ناوخۆيەكان و دەرەكيەكانی وەك خاچيەكان و مەغۆلەكان، كە جێگەی مەترسـی بوون، ژمارەيەكی زۆر لە (المماليك)ی كڕيوە(ابو شـامة: 2002م 221/1) (العبادی: 1992م، 81)،دواتر نـاسـراون بە(المماليك البحری) بەهۆی ئەوەی لەسـەر كەناری ڕووباری نيل قەڵای بۆيان دروستكردبوو، بەم هۆكارەوە ژمارەيان زيادیكردوە لەناو دەوڵەتی ئەيوبيدا (عاشور:2010م، 19-20).

(شـجر الدر) يەكێك لەو مەماليكانە بوە ، تورك بوە، پێش ئەوەی بێتە كۆيلەی مەليك(الصـالح نجم الدين)، كۆيلەی خەليفەی عەباسی(المستعصم بالله/640-656ك/1242-1258ز) بوە سۆزی بۆمەماليكی تورك هەبوە(ابن كثير:1990م، 179/13،154) (المقريزی: 1997م،146/1-147) (ابن تغری بردی: 1992م، 373/6-374)، لەگەڵ ئەوەی نـاوبراوە كە كچی (عبـدالله)يە، بەڵام ناوی ئەم باوكە لەپەيوەندی بيروباوەڕی ئيسـلاميەوە سـەرچاوەيگرتوە نەك ناوی باوكی ڕاسـتەقينەی بێت (ابو الفداء: 1999م، 218/3) (المقريزی: 1997م، 361/1). پاشـان هۆكاری (كەسـی، ئايينی و پێگەی كۆمەڵايەتی) هەلی زياتريان بۆ ڕەخسـاندوە لەڕوانگەی ئەوەی(شـجر الدر) ژنێكی زۆر جوان، ژير و لێهاتوو بوە، وەك (الذهبی) لەوەسـفيدا وتويەتی: "درەوشـاوەبوە لەجوانی و زيرەكيدا''، (سـير الاعلام النبلاء، 1996م، 199/23) بۆيە مەليك (الصـالح نجم الدين أيوب)، كڕيوێتی، بەڵام دواتر بەهۆی بوون بەدايكی كوڕ(الأم خليل) وەك باوبوە لەگەڵيدا هاوسـەرگيريكردوە(ابن الوردی: 1970م، 176/2) (ابن دقماق: 1982م، 43/2) (G.E Vonrunebaum, p193)، ئەمەش زياتر سـەرچاوەيگرتوە لەپێگەی كەنيزەك لە ئايينی ئيسـلامدا، كە ڕێگەی داوە بەپەيوەندی خاوەنەكەی و كەنيزەك، دانانی منداڵی وەك منداڵی ڕەوا ياخود شـەرعی پياوەكە، پاشـان ئازاد كردنی و هاوسـەرگيريكردن لەگەڵيدا، پێدانی ميرات بە منداڵەكەی وەك هەر منداڵێكی تری لە ژنێكی ئازاد(عبد النور: الجواری، 1947م، 115-118)، هەرچەندە منداڵەكەی مردوە بەهۆی هێرشـكردنەسـەريان لە(الكرك) و زيندانيكردنيان، بەكاريگەری شڵەژانی دەروونی (ابن تغری بردی: 1992م ، 373/6) (ابو العينين: 1998م، 199-204).

سەرەڕای ئەمانەش(شجر الدر) خاوەن دڵێكی ميهرەبان بوە، مەليك(الصالح نجم الدين)زۆری خۆشويستوە، جێگەی متمانەی بوە، وەك مەليك(الصـالح نجم الـدين ئەيوب) خۆی گوزارشـتی لێكردوە زۆر لەوە زياتری نوسـيوە لە وەسـيەتێكدا بۆ كوڕەكەی(تورانشـاه) بەردەوام لەگەڵی بوە (النويری: 2004م، 220/29-222)، كـاتێـك لە(الكرك) زينـدانيكراوە لەگەڵ مەليك(الناصرداود) لەگەڵی بوە، زۆر يارمەتيداوە بۆ ئەوەی بگاتە دەسەڵات و كەسێكی بە توانابوە وەك (ابن العبری) دەڵێت: ئەو زيرەك و بێهاوتا بوە لە ژناندا، لە جەختكردنەوە لەپياواندا. (1992م، 259).

زياد لەمەش ڕەهەندی كۆمەڵايەتی ڕەنگيداوەتەوە لە دەمارگيری (شجر الدر)، كە پێشتر (المماليك) بوە، بەهۆی ڕەتكردنەوە و پەراوێزخسـتنی (المماليك الصـاليحية)كان لە(حصـن كيفا) لەلايەن مەليك (المعظم تورانشـاه) هەر بەزووی لەدوای دەسـتبەكاربوونی، (شـجر الدر)ی توڕەكردوە، پێدەچێت زۆر هەسـتياربووبێت بەم بابەتە و نيازی پێی هەبوە، بۆيە هاوسـەری مەليك (الصالح نجم الدين أيوب)، سەرەڕای ئەو نيازەی بەجێگەياندوە، كوڕەكەشی لەم بارەوە ئاگاداركردوەتەوە ئامۆژگاريكردوە و وەسيەتی بۆ كردوە(النويری: 2004م، 220/29) (الدوداری: 1961م، 328/7)، هەرچەندە كوڕەكەی كەسێكی سياسی و ژير نەبوە، پێچەوانە كاريكردوە، بۆيە (شجر الدر) بە زووی لەناويبردوە(المقريزی: 1997م، 459/1).

دواتريش هاوشـێوەی ڕەگەزی خۆی ميری(المماليك الصـاليحيه)كان كۆبوونەوە ڕێكەوتن لەسـەردانانی (شـجر الدر) بە فەرمانڕەوای باڵای دەوڵەتی ئەيوبی و پشـتگيری لێكردنی، بەم شێوەيەش بوە شـاژن(شجر الدر) (ابن تغری بردی: 1992م، 6/ 333،374). هەرچەندە ڕەهەندی ئايينی و سـياسـی لەلايەكی تر ڕێگربوون لە ڕۆڵی باڵاو فەرمی ژن، وەك ڕێگربوون لە مەليكايەتی فەرمی (شجر الدر)، وەك خيلافەتی عەباسی ئيسلامی لە(بغداد) و هەندێ لە دەسەڵاتدارانی ئەيوبی لە(شام)، ناڕازی بوونی زانايانی ئيسلام دژی ئەم پرسە بوون (شويش العانی: د.ت، 320/5)، باوەنەبوونی ژن بۆ گرتنەدەستی فەرمی ئەو پۆستە باڵايە (ابن العبری: 1992م، 453) (السيوطی: 1968م، 30/2).

لەگەڵ ئەوەی (شـــجرالدر) ژێر بوە درکی بە دەمارگیر ئەیوبیەکانیش کردوە، هەوڵیداوە بۆ پاراســـتنی دەســـەڵاتی ئەیوبی ڕەوایەتیدان بەدەســـەڵاتی خۆی، بۆیە پەیوەندیکردوە بە مەلیك(الناصــر یوســف/م658ك/1259ز)) خاوەنی (دمشـق) داوایکردوە هاوسـەرگیری لەگەڵی بکات و (مصـر) ی پێبدات، بەڵام مەلیك (الناصـر) ڕەتیکردوەتەوە و متمانەی پێنەکردوەو ترسـاوە لەوەی ئەمە فێڵێك بێت، ئەوەی بەســـەر بێت کە بەســـەر (تورانشـــاە) دا هاتوە. (المقریزی: 1997م،401/1) بۆیە دواتریش بەردەوام ڕەوایەتی بەفەرمـانڕەوایەتی نەدراوە نـاچـاربوە هـاوســـەرگیریبکـات لەگەڵ (المعز أبیك/م655ك/1257ز). (الـذهبی: تـاریخ الاسلام،2003م،198/14) (بیبرس المنصوری:1993م،9).

ڕەهەندی ئایینی پاڵپشتی بەشداریکردنی ژن لە بواری سـەربازی (الجهاد) بوە، کەپاراستنی ئایین و نیشتمان بەدەسـەڵاتێکی سیاسی ئیسلامی ئەرکە و (الجهاد)ە بۆ هەرکەسێك توانای هەبێت(ابوشامة: 2002م،108)، هەروەها پیرۆزی (الجهاد) پاڵنەری ژنانی کۆمەڵگای ئەیوبی بوە بە خۆشەویسترین بەشی جەستەیان، کەقژیانە بەشداری بکەن لەشەڕی دژی خاچیەکان لەدەوڵەتی ئەیوبیدا، وەك ئەو ژنانەی لە ناو مزگەوتی(دمشق)دا قژیان بڕیوە و پێشکەشی پیاوانی جەنگاوەریان کردوە تا بیکەن بە ڕەشمەی ئەسپەکانیان(السیوطی: 1968م، 4/2).

هەروەها ڕەهەندی ئایینی پاڵپشـــتی ڕۆڵی ژن بوە لەبوارە جیاوەزەکانی تری دەوڵەت لەوانە(زانســـتی، بیناســـازی و ئاوەدانکردنەوە)، کەڕەنگدانەوەی ڕێزگرتنی ئایینی ئیســـلامە لەخاتونەکان و پەروەردەکردنیان بەباشـــی وفێرکردنی زانســـت و زانیاری لەلایەن ســـەرپەرشـــتیارەکانیان، (الداودی: 2010م، 380) هەتا لەناوهێنانە پڕلەشـــانازیەکانی خاتوونەکانیان دیارە بەگشتی، و لەناو بنەماڵەی ئەیوبی چینی باڵا بەتایبەتی، وەك (فخر النساء، شرف النساء، جمال نساء، ست النساء، ستهم، صفاء العیش، أمة الحق، شمس الملوك و أم الحن،...) (سبط ابن الجوزی: 2013م، 117/22-118).

ژنانی چینی گشـــتیش بەدەر نەبوون لەم کاریگەری و ڕەنگدانەوانە، ڕۆڵیان هەبوە چ لە بواری زانســـتی و ئایینی دەوڵەت، ئەمەش رەنگیداوەتەوە لەدامەزراوە ئایینیەکان و خزمەتگوزارییەکان، باوك یاخود سـەرپەرشـتیار هاندەری سـەرەکیان بوە، وەك هەندێکیان لە لای باوکیان مۆڵەتی خوێندنەوەو لەبەرکردنی قورئان یان زانستە شەرعیەکانیان پێدراوە، وەك ڕەهەندێکی سەرەکی ڕۆڵی زانستی (أمنة) بوە، باوکی(الزاهد أبی عمر محمد بن أحمد بن قدامة الحنبلی/م631ك/1233ز) زانایەکی ئایینی بوە(الذهبی: تاریخ الاســـلام، 2003م،38/14) (ابن طولون: 1980م، 81/1)، کچەکەی پەروەردەکردوە و پێگەیاندوە لەســـەر ئەو ڕێچکە ئـایینییە، هـاوکـات ئەم خـاتوونە هەرلەلای بـاوکی مۆڵەتی قورئـان خوێندن و لەبەرکردنی وەرگرتوە، (الـذهبی: العبر، 1985م، 25/5) (النعیمی: 1990م، 335/2) هەروەها کچی (القاضـی أبی الحسـن علی بن عثمان القرشـی) فەرمودەناس، مۆڵەتی پێدراوە بەوتە و سـەرپەرشـتیاری براکەی(أبی القاسم حمزە) و کۆمەڵێك لە زانایانی ئایینی، ژنیشـی تێدابوە، لەوانە (فخر النسـاء شـهدە) کچی(أحمدالکاتبە) (الذهبی: تاریخ الاسلام، 2003م،14/ 183، 338).

**باسی دووەم/ ڕەهەندی (ئایینی ،کارگێڕی، ئابووری و ڕەگەزی)**

**تەوەرەی یەکەم/ ڕەهەندی ئایینی، کارگێڕی و ئابووری**

بێگومان ڕەهەندی ئایینی، کارگێڕی و ئابووری پاڵپشتی بەشێکی ڕۆڵی ژن بوون لەدەوڵەتی ئەیوبیدا بەگشتی، لەوانە ژنان بەهۆی توانایی داراییانەوە لەبوارە شـارسـتانیەکان بەتایبەتی چالاکبوون، کە لەچەندین ڕێگەوە دەسـتیانکەوتوە، لەوانە ژن مافی دارایی تایبەتی هەبوە لە خەزێنەی دەوڵەتدا پێیدراوە، یاســـاکانی دەوڵەت ڕەوایەتیانداوە بەمافە داراییەکانی ژن و پارێزگاریان لێکردوە، وەك ئەو ژنەی داوای پێشـــکەشـــکردوە بەدادوەر(جمـال الـدین الحرســـتـانی) لەبـارەی ئەومـافەوە، بریکـارەکەی پشـــتگیریلێکردوەو گەیاندویەتی بەدادوەر، دادوەر ڕەزامەندیداوە و دوپاتیکردوەتەوە هەرئەو ڕۆژە پێیبدرێت، نەوەکو بمرێت و ئەو مافەی لەسەربێت، هەرچەند بریکارەکەی وتویەتی ڕۆژی دواتر پێیبدەین (ابو شامة: 2002م،162) (الحافظ: 2013م، 76).

یـاســـاکـانی دەوڵەت ڕێگربوون لەدەســـت بەســـەرداگرتنی مـافە داراییەکـانی ژن بەهۆکـاری جیـاجیـا، پشـــتگیری لەگەڕانەوەیانیکردوە، وەك کچی پاشـــای (ارمن) خاوەنی (خلاط) پەنای بۆ مەلیك(الأشــرف) بردوە بۆ گێڕانەوەی ســـامانەکەی لەلایەن(الحاجب) دەستی بەسەرداگرتبوو، کەخەریکی کاری نەخشاندن بوو لەگەڵ ژنانی تردا، مەلیك(الأشرف) ، بۆی گێرایەوە، (الحاجب) بڕیاریدا دووبارەی نەکاتەوە.(سبط ابن الجوزی: 2013م،351/22-353) (النویری: 2004م، 142/29-143)

ژنـانی بنەمـاڵەی ئەیوبی بەجیـاواز لەچینی گشـــتی مـارەییـان زۆر بوە بە بڕی دەیـان هەزاردینـار، کە پێیـانـدراوە لەلایەن هاوســـەرەکانیانەوە، وەك لەگرێبەســـتی هاوســـەرگیری ســـاڵی(577ك/1181ز) چوار کچی مەلیك(العادل) هاوســـەرگیریانکردوە لەگەڵ کوڕەکانی سوڵتان(صـلاح الدین) بەئەو بڕە زۆرەی مارەیی(فلاح القضـاە: 2007م،38) (احمد الزعبی: 2003م، 50)، بۆ نموونە مـارەی(ضـــیفـة خـاتون) کچی (الملـك العـادل) زۆرترین مـارەی بوە بە بڕی پەنجـاهەزاردینـار (الحنبلی: 1996م، 283،127)، سـەرەڕای ئەوەی دیاری زۆری پێشکەشکراوە بەبۆنەی هاوسـەرگیرییەکەیەوە، نزیکەی سـەدوپێنچ پارچە لە ئاڵتون و زیوی لەگەڵ ئەوەی چەندەها پارچە ئاوریشـم و کەلوپەلی تری بەنرخی پێشـکەشـکراوە، دیوانی تایبەتی هەبوە بەناوی(دیوان

الملكة ضـيفة)، بۆیە توانا ئابووریەكەی یارمەتیدەرێكی باشــی بوە لەو كارە شــارســتانیانەدا(سـبط ابن العجمی: 1996م،367) (حنبلی: 1996م، 283) (یوسف: 1993م،35).

نمونەیەكی تر (زمرد خاتون) بەهۆی دەوڵەمەندیەكەیەوە توانیوێتی پارێزگاری لەدەســـەڵاتی بكات، خاوەنی ســـەروەت و سامانێكی زۆر بوە لە(الیمن)، چونكە ئەم ژنە هەستاوە بە بەخشینی سەروەت و سامانی بەسەر سوپادا و ملكەچی خۆی كردوون لەبارودۆخێكی ئالۆزدا، كەهەوڵی زۆرهەبوە بۆكۆتایهێنان بەدەســەڵاتی ئەیوبی، كەواتە ڕەهەندی ئابوری پاڵپشـتی ڕۆڵی ژن بوە لەپاراستنی سنوری دەسەڵاتی دەوڵەتی ئەیوبی(ابن واصل: 1957م، 138/3) (أبو الفداء: 1999م، 102/3).

هەروەها ژنانی ئەیوبی وەك پەیڕەوكاری ڕێبازی شـافعی ئایینزای سـوننە بە زۆری ، بژێوی ژیانیان یاخود خەرجیەكانیان لەسـەر سـەرپەرشتیارەكانیان(باوك، برا، مام، خاڵ) بوە پێش هاوسـەرگیری، و پاش هاوسـەرگیریش لەسـەرهاوسـەرەكانیان بوە، ژن پارێزەری ماڵ و ســامانی پیاو بوە، كە زۆركات لەبەردەسـتی بوە، و بەمافی خۆی زانیوە پشـكدار بێت لەو ماڵ وســامانەی پیاوەكە هەیەتی، (فلاح القضاە: 2007م، 157-160)

لەگەڵ ئەمانەشدا ئایین پاڵنەری بەهێزبوە هاوتای توانا دارایيەكانیان بۆ پشكداری ژن لەوبوارە شارستانیانەدا، وەك ئاشكرایە زۆربەی دامەزراوە زانســـتی، ئـایینی وخزمەتگوزاریەكـان لەڕێگەی وەقف بوە، كە ژنـان وەقفیـان كردوە، ئەمەش زیـاتر ســـەرچاوەیگرتوە لەبونیادنانی چونكە دەوڵەتی ئەیوبی بارگراوەندێكی ئایینی هەیە و لەســـەربنەمای پارێزگاریكردن لە ئایینزای سوننە دامەزراوە، وەك زۆرێك لەشاعیران ستایشی مەلیكەكانی دەوڵەتی ئەیوبیان كردوە، بۆ نمونە كە دەسـەڵاتداریان گەیشتۆتە شار(مكة) ووتاریان بەناو خوێندراوەتەوە، بەم شێوەیە ستایش كراون(ابن الاثیر: 1987م، 57/10):

جمع الشجاعة والخشوع لربه ما أحسن المحراب فی المحراب

هاوكات لەسـەر ڕووخانی دەوڵەتی فاطمی ئایینزای شیعەش دامەزراوە(توفیق وچلونگر و میری: 1393ش، 90-95)، بۆیە لەئەنجامدا لەشـۆرشـێكی ئایینیدا بوون، كە كاریگەریكردوەتە سـەر كۆمەڵگا بەگشـتی و بەتایبەتی ژن، كەبەئاڕاسـتەی ئایینی و خزمەتكردنی ئایینی ئیسـلام بەتایبەتی ئایینزای سـوننە، لەهەوڵی بڵاوكردنەوەی ڕێبازی شـافعیدا بن زیاتر تواناكانیان خسـتوەتە كار، بەردەوامیش دەوڵەتی ئەیوبی لە شـــۆرشـــدا بوون بۆ ئەم مەبەســـتە، یەكێك لەو ڕێگایانە گرنگیدان بە دامەزراوە ئایینی و زانســـتیەكانی ســـوننە، لەگەڵ ئەوەی ســـەردەمی (الجهاد) بوە دژی خاچیەكان و پڕ لە جۆش و خرۆشـــی ئایینی بوە(الداودی: 2010م، 385-389)، وەك ئایین و ئابووری پاڵنەری ڕۆڵی (ســـت الشـــام) لەبواری (زانســـتی، پەروەردە، بیناســـازی و ئاوەدانكردنەوە)، كەخاوەنی موڵكو ســـامانێكی زۆری دارایی بوە بەڕادەیەك دیوانی تایبەت بە خۆی هەبوە، (ابوشـامة: 2002م، 180/5) (النویری: 2004م، 62/29-63) وەك ئاشكرایە لەڕێگەی وەقفی بەشێك لەسامانەكەی بۆ خوێندنگە بوە، وەك دابینكردنی (320) دۆنم (فدان) لەزەوی بۆخوێندنگەی (الجوانیة والریحانیة)، وەقفێكی زۆری بۆ (البرانیة)، پشكەكانی (ست الشـام) زیاتر دەردەكەوێت لە موڵك و ســـەروەت و ســـامانی بنەماڵەی ئەیوبی، كە پێبدراوە لەگوند، ناحیە و زەوی گرنگ، دیارە لەئەو ئاماژە پێكردنەی (السبكی) لەوەقفی ئەو خوێندنگانە:"تەواوی خانوویەك لە(دمشق)، موڵكێك لە دەروازەی)دمشق(بە (زینة) ناسـراوە، پشـكێك دەگاتە یازدە پشـكونیو لەبیسـتوچوارپشـك، ناسـراوە بە(جرمانا) لە(بیت لهیا)، لە نێوانیاندا چواردەپشـك، حەوت پشـك لەبیسـتوچوارپشـك، ناسـراوە بە هەنجیرە لە(جبة عسـال)، لە نێوان هەموو ئەو گوندو شـوێنانەی تر ناسـراوە بە(مجیدل القریة)، نیوەی بەخشـراوە ناسـراوە بە (مجیدل السـویدا) دواتریش وەقفكراوە لەسـەر كچەكەی (زمردخاتون) كچی(حسـام الدین محمد بن عمر بن لاجین)" (ابن شداد: 1978م، 209/2) (السبكی: د.ت، 119/2) (فلاح القضاە: 2007م،201).

هاوكات (ســت الشــام)كەســێكی ئایین پەروەر و خێرخواز بوە، بەردەوام یارمەتی هەژارانی داوە بەبەخشــینی خواردن و دابینكردنی پێداویستیەكانیان، ماڵەكەی وەك كارگەیەكی دروستكردنی خواردن و خواردنەوە دەرمان بوە، دابەشی سەر هەژاران و ئەوانەیكردوە كە پێویسـتیان پێبوە (النعیمی: 1990م،227/1) (ابوشـامة: الروضـتین، 2002م، 244/3)، هەروەها پارێزگاری لە یاســـاكانی ئایینی ئیســـلام و شـــوێنكەوتوانی ســـونەتكردوە، وەك ئاشـــكرایە لەدانانی مەرج لەكارە وەقفەكانی(دامەزراندنی خوێندنگەكان)، دەبێت مامۆستا، خوێندكار وخەڵكانیكی پابەند بە ئایینی ئیسلام ، سونەت و چاكەكار سوودمەندبن لێی و بەدوور لەكاری خراپ و(بدعة) (السبكی: د.ت،119/2) (النعیمی: 1990م، 227/1).

هەروەها ڕەهەندی ئایینی و ئابووری پاڵپشـــتی ڕۆڵی شـــارســـتانیانەی (ربیعە خاتون)ە، كەبەدەوڵەند، خاوەن ســـەروەت وسـامانێكی زۆر ناسـراوە، وەك لە وەقفی خوێندنگەی (الصـاحبة) ئاشكرایە، بریتیبوە: "لەوەقفكردن زۆربەی گوندەكانی ناحیەی نێوان(دمشـــق)، (بعلبك)، (جبة عســـل)، باخی ژێر قوتابخـانەكە، ئاش(الطـاحون)، (حكورة)یگەڕەكەكانی دەوروبەر"(یاقوت الحموی:1977م،453/1) (النعیمی:1990م،2/ 67) (بدران:1331م،237)، ســـەرەڕای ئەمانەش دەوڵەمەندی خزمەتكارەكانییان دووپاتی ئەو ڕاســـتیە دەكەنەوە، لەوانە (امة اللطیف العالمة/م653ك/1255ز) خاوەنی ســـامانێكی زۆر بوە، نزیكەی نیو ملوین درهەم بوە جگە لەموڵـك ووەقفەكـانی، وەك وەقفێكی زۆری خوێنـدنگەی (العـالمـة)كردوە لە وانە بـاخی پردی (البطـة)،

دارســـــتانێك(الغيضـــــة) (ياقوت الحموى:1977م، 4/ 221) (ابن كثير: 1990م،170/13) (النعيمى: 1990م، 2/ 88)، بەهۆی داواکردنی بەشێك لەسەروەت وسامانی گەورەکەی (ربيعه خاتون) لەدوای مردنی لەساڵی(643ك/1245ز)، تووشی زیندانیکردن بوەتەوە بۆماوەی سێ ساڵ لەقەڵایەکی(دمشق) (الذهبى: تاريخ الاسلام، 2003م،441/14) (الحنبلى: 1996م، 222).

بەشێکی تری هۆکاری دەوڵەمەندی ڕۆڵ بینینی ژنانی ئەیوبی دەگەڕێتەوە بۆ بەشە میراتیان کە پێیان بەخشراوە یان بۆیان بەجێماوە، وەك سوڵتان(صلاح الدين) دووپاتیکردوەتەوەو داوای لەمەلیك(العادل) کردوە، دەبێت بدرێت بەکچەکان و کوڕەکانیان، ئەوە خودا پێویستیکردوە لەسەریان (ابو شامة: الروضتين، 2002م، 163/3) (ابن تغرى بردى: 1992م، 94/6)، لەسیستەمی کارگێڕی دەوڵەتیشدا گرنگیپێدراوە و دیوانیان بۆ داناوە (فلاح القضاه: 2007م، 161).

ســـەرەڕای ئەمـــانەش بەشـــێکی تری توانـــای ئـــابووریـــان لەدەوڵەتـــدا لەڕێگەی وەســـیەتەوە(الوصـــيـــة)، وەك (الملكـــةخـــاتون/م674ك/1276ز) زۆری داراییەکەی دەســـتکەوتبوو بە وەســـیەتی بـــاوکی مەلیـــك(الاشـــرف)، تەواوی گەوهەرەکانی(الجواهر) پێدابوو، لەگەڵ وەقفی (دار فروخشـــاه/دار الســـعادة) لە(دمشـــق)، هەروەها بێســـتانی(النيرب) (ياقوت الحموى: 1977م، 330/5) (ابن واصل:1957م، 145/5) (النويرى:2004م، 143/29) (الصفدى:2000م، 143/13).

**تەوەرەی دووەم/ ڕەهەندی ڕەگەزی (کاریگەری روحی وبەرجەستەی ژن لەسەر ژن)**

بێگومان کاریگەرییە ڕۆحی و بەرجەســـتەی ژن لەســـەر ژن یارمەتیدەر و هاندەری ڕۆڵی ژن بوون لە دەوڵەتی ئەیوبیدا، هاوکاتی ئەو شـــۆڕشـــە زانستی، ئایینی و هزرییەی ســـەردەمەکە، هاندەری هەریەك لەو ژنانە بوە، کاریگەر بوونیان بە چالاك بوونی ژنانی پێشووتر یاخود پێشویان، وەك ژنانی دەوڵەتی فاطمی پێشتریان، و هاوسەردەمیشیان وەك ژنانی خیلافەتی عەبباسی و دەوروبەریان (المقريزى: الخطط، 1998م، 450/3) (على السيوطى: 2017م، 1/ 217؛ 223)، بۆ نموونە کاریگەری ڕۆحی ژن دیارە لەسەر ژن لە (اليمن) ، بۆ نموونە ڕۆڵی (زمردخاتون) لە (اليمن) درێژکراوەی ئەو کاریگەریە ڕۆحیەی شاژن(سبأ/ بلقيس)ە، وەکو ئەزموونێکی ئیلهـــام بەخش بوە، چیرۆکەکەی لە قورئـــانی پیرۆزدا هـــاتوو(البـــاجورى: 1933م، 34/1-36))الجبوري: 2011م، 21-24)، یادەوەرییەکی سیاسی بەهێزی بۆ ژنانی (اليمن) هەبوە، کە بەردەوام بوون لە کۆکردنەوە و پەروەردەکردنی ئاواتەکانیان بۆ تەختی دەسەڵات و بەڕێوەبردنی شانشینیەکان، وەك لەپێشتریش لەچوارچێوەی دەوڵەتی فاطمی ئاشکرابوە، لەوانە (ارواء) کچی (احمد الصلحي/م 532ك/ 1138ز)، میرنشینی (الصلحى) لە (يمن) ناسراو بە (السيدة الحر، بلقيس صـــغير) میرنشـــینەکەی بەڕێوەبردوە، لە (حراز) لە (اليمن)دا (الزركلي: 2002م، 413/1)، ئەمەش دواتر کاریگەریی هەبوە لەسەر ژن لەچوارچێوەی دەوڵەتی ئەیوبیدا (الجبوري: 2011م، 103) (الشامى و اسحاقى: 1932ش، 112).

ژنان لە بوارە شارستانیەکان کاریگەری ئەرێنیان لەسەر یەکتر هەبوەو هاوکار، هاندەر و پشتیوانی یەك بوون، وەك (بابا خاتون) گرنگیداوە بەژن، وەك لە وەسیەت و وەقفەکانی دیارە بە مەرج دایناوە و تەرخانی کردوە سەرەتا بۆ ئامۆزاکەی کە ژن بوە و پاشان بۆ خوێندنگە و دواتریش بۆ پەیڕەوکارانی ڕێبازی شافعی (سجل أوقاف واملاك 1547م، 99) (السرحانى: 2013م، 186، 195، 214).

هەروەها (اللطيفة بنت الناصـــح الحنبلى/م653ك/1255ز) زۆر هانی (ربيعه خاتون)ی داوە بۆدامەزراندنی خوێندنگە بۆ حەنبەلیەکان لە (قاسيون) (ابن كثير: 1990م، 180/13) (النعيمى: 1990م، 87/2).

**ئەنجام:**

1-ڕۆڵی ژن لەتەواوی ســـــەردەمە جیاوازەکـانی دەوڵەتی ئەیوبی(567-657ك/1171-1260ز) پەیوەســـــتە بە ڕەهەنـدی مێژووی(ئایینی، کۆمەڵایەتی، کلتوری، ڕەگەزی، کەسی، سیاسی، کارگێڕی وئابووری)، بەڕێژەی جیاواز.

2- ڕەهەندی (کۆمەڵایەتی، ئایینی و ســـیاســـی) زیاتر پاڵپشـــتی ڕۆڵی ژن بوون لە قۆناغی یەکەمی دەوڵەتی ئەیوبی(567-589ك/1171-1193ز)، کەڕۆڵی دیاریان هەبێت لەدامەزراندن وجێگری وبەهێزی دەوڵەتەکەدا.

3-ڕەهەندی سـیاسـی سـەرەڕای ڕەهەندەکانی تر زیاتر هاندەر و پشـتیوانی ژنن لە قۆناغی دووەمی دەوڵەتی ئەیوبی(589-635ك/1193-1249ز)، کە ڕۆڵیان هەبێت لەم سەردەمە ناکۆکیە سیاسیە ناوخۆییەدا.

4-ڕەهەندی کەسـی بەئاراسـتەی لێهاتووی (خودی/زاتی) لەگەڵ ڕەهەندەکانی تر لەدوای ڕەهەندی سـیاسـی کاریگەری باڵای هەبوە لەسەر ڕۆڵی ژن و بەردەوامی لەقۆناغی سێیەم و کۆتای دەوڵەتی ئەیوبیدا، کە سەردەمی لاوازی و ڕووخانی دەوڵەتە.

5- ڕەهەندی ئایینی هەرچەندە پاڵپشـتی بەشـێکی زۆری ڕۆڵی ژنی کردوە لەتەواوی قۆناغەکانی دەوڵەتی ئەیوبی هاوکێشـی ڕەهەندەکانی تربوە، بەڵام لەدواقۆنـاغی دەوڵەتەکە ڕێگربوە لە ڕۆڵی فەرمی ژن، کە هۆکاری بەهێزی ڕووخـانی دەوڵەت بوە لەپاڵ هۆکارەکانی تر، کەڕێگری کرد لە (شـجرة الدر) بەردەوام بێت لە شـاژنی دەوڵەتی ئەیوبی بەفەرمی هاوشـانی خەلیفە و

پاشاكانی دەوروبەری، ناچاریكرد بەئاراستەیەك بڕوات قبوڵ كراو بێت و دەست بەرداری دەسەڵاتداری بنەماڵەی ئەیوبی بێت و مەمالیكەكان دەسەڵاتدارو دەوڵەتدار بكات.

**لیستی سەرچاوەو ژێدەرەكان**

**یەكەم/سەرچاوە ڕەسەنەكان بە عەرەبی:**


- ابن الاثير: عزالدين أبو الحسن على بن أبى الكرم محمد بن الشيبانى الجزرى (ت630ه/1232م)

1- الكامل في التاريخ، ط1، تح: ابي الفداء عبدالله القاضي، دار الكتب العلمية، بيروت-لبنان، 1987م.

2- التاريخ الباهر في الدولة الاتابكية،تحقيق،عبدالقادر طليمات،دارالكتب الحديثة،مصر، د.ت.

- ابن تغري بردي: جمال الدين أبي المحاسن يوسف (ت874هـ/ 1479م).

3- النجوم الزاهرة في ملوك مصر والقاهرة، قدم له وعلق عليه: محمد حسين شمس الدين، دار الكتب العلمية، بيروت، 1992م.

- ابن دقماق: ابراهيم بن محمد بن ايدمر العلائى(ت809ه/1407م)

4- الجوهر الثمين فى سير الخلفاء والملوك والسلاطين، تح: سعيد عبدالفتاح عاشور، مركز العلمى واحياء التراث الاسلامى، السعودية، 1982م.

- ابن خلكان: أبو العباس شمس الدين أحمد بن محمد (ت681هـ/ 1282م).

5- وفيات الأعيان وأنباء أبناء الزمان، تحقيق: إحسان عباس، دار صادر، بيروت، 1977م

- الحنبلى: احمد بن ابراهيم (ت876ه/1471م)

6- شفاء القلوب فى مناقب بنى أيوب، مكتبة الثقافة الدينية، القاهرة، 1996م.

- ابن العماد الحنبلى: الامام شهاب الدين ابى الفلاح عبد الحى بن احمد بن محمد (ت1089ه/1678م)

7- شذرات الذهب في أخبار من الذهب، تح: عبدالقادر الارناؤوط، ط1، دار ابن كثير، دمشق-بيروت، 1988م.

- الصفدى: صلاح الدين أبو الصفاء خليل بن ابيك بن عبدالله (ت764ه/1363م)

8- الوافى بالوفيات، تح: احمد الارناؤوط و تزكى مصطفى، ط1،دار احياء التراث العربى، بيروت-لبنان، 2000م،

- ابن طولون: شمس الدين محمد بن على (ت953ه/1546م)

9- القلائد الجوهرية فى تاريخ الصالحية، تح: محمد احمد دهمان، مكتبة الدراسات الاسلامية، دمشق، 1980م.

- السبكى: عبدالوهاب بن على بن عبدالكافى (756ه/1355م)

10- جمع الجوامع فى اصول الفقه، دار السعادة، مصر، 2005م.

- سبط ابن الجوزي: شمس الدين أبو المظفر يوسف بن قز أوغلي التركي (ت654هـ/ 1256م).

11- مرأة الزمان في تاريخ الاعيان، ط1، تح: محمد انس حسن، دار الرسالة العالمية، دمشق، 2013م.

- سبط ابن العجمى: احمد بن ابراهيم بن محمد خليل الحلبى (ت884ه/1479م)

12- كنوز الذهب فى تاريخ حلب، تح: شوقى شعث، دار القلم العربى، حلب، 1996م.

- السيوطى: عبدالرحمن بن ابى بكر جلا الدين (ت911ه/1505م)

13- حسن المحاضرة، تح: محمد ابو الفضل ابراهيم، ط1،دار احياء الكتب العربية، بيروت، 1968م.

- ابو شامة: شهاب الدين عبدالرحمن بن اسماعيل (ت 665هـ/ 1266ز).

14- الروضتين في اخبار الدولتين النورية والصلاحيةن وضع حواشية وعلق عليه: ابراهيم شمس الدين، بيروت، 2002م.

- ابن شداد: عزالدين محمد بن علي بن ابراهيم (ت684هـ/ 1285م).

15- -الأعلاق الخطيرة في ذكر أمراء الشام والجزيرة، تحقيق: يحي عبارة، منشورات وزارة الثقافية والأرشاد القومي، دمشق، 1978م.

- أبو الفداء: اسماعيل بن على بن محمود بن محمد بن عمر شاهنشاء بن ايوب (ت732ه/1331م)

16- المختصر في أخبار البشر ، تح: محمد زينهم محمد عزب و يحيى سيد الحسين، دار المعارف، القاهرة، 1999م

- ابن قاضى شهبة: أبو بكر بن أحمد بن محمد (ت851ه/ 1447م)

17- الكواكب الدرية فى السيرة النورية، تح:محمود زائد، دار الكتب جديد، ط1، بيروت، 1971م.

- ابن العبرى: ابى الفرج جمال الدين (ت685ه/1286م)

18- تاريخ مختصر الدول، تح: أنطون صالحانى اليسوعى، ط2، دار الشرق، بيروت، 1992م.
- ابن العديم: عمر بن احمد بن هبة الله بن ابى جرادة العقيلى، كمال الدين (ت660م/ 1261م)
19- زبدة الحلب، ط1، دار الكتب العلمية، بيروت-لبنان، 1996م
- الذهبي: شمس الدين ابوعبدالله محمد بن احمد بن عثمان بن قايماز(م748/1347م)
20- تاريخ الاسلام و وفيات المشاهير الاعلام، ط1، تح: بشار العواد معروف، دار الغرب الاسلامى، 2003م،
21- سير أعلام النبلاء: تحقيق: شعيب الأرنؤوط ومحمد نعيم العرقسوي، مؤسسة الرسالة، بيروت، 1966م.
22- العبرفى خبرمن غير، تح: ابو هاجر محمد السعيد بن البسيوينى زغلول، دار الكتب العلمية، بيروت-لبنان، 1985م
- المقريزي: تقي الدين أبي العباس أحمد بن علي بن عبدالقادر (ت845هـ/ 1441م).
23- السلوك المعرفة دول الملوك، تحقيق: محمد عبدالقادر عطا، دار الكتب العلمية، بيروت،
24- المواعظ والأعتبار بذكر الخطط والأثار المعروف (بالخطط المقريزية)، تحقيق: محمد زينهم ومديحة، الشرقاوي، مكتبة مدبلولي، الجزء الثاني، 1997م، ج3، 1998م.
مؤلف مجهول: (ت بعد 655ه/1257م)
25- تاريخ دولة الاكراد، تح: مرسى مصطفى الهسنيانى، الجامعة الامركية، دهۆك، 2010م.
- ابن كثير: أبى الفداء اسماعيل بن عمر بن كثير القرشى الدمشقى (774ه/1372م)
26- البداية والنهاية، مكتبة المعارف، بيروت، 1990م.
- النسوى: محمد بن أحمد (ت647ه/1249م)
27- سيرة السلطان جلال منكبرتى، تح: حافظ احمد حمدى، دار الفكر العربى، القاهرة، 1953م.
- النعيمى: عبدالقادر بن محمد (ت 978ه/1568م)
28- الدارس فى المدارس، الدارالكتب العلمية، بيروت-لبنان، 1990م.
- النويرى: شهاب الدين احمد بن عبدالوهاب بن مجمد (ت733ه/1333م)
29- نهاية الارب وفنون الادب، ط1، تح: نجيب مصـــطفى فواز و حكمت كشـــلي فواز، دار الكتب العلمية، بيروت-لبنان، 2004م.
- ابن واصل : محمد بن سالم بن نصرالله بن سالم ابن واصل(ت697ه/1298م)
مفرج الكرب في اخبار بني ايوب،جمال الدين الشيال،المطبعة الاميرية،1957م.
- ابن الوردى: زين الدين عمربن المظفر (ت749ه/1349م)
30- تاريخ ابن الوردى، تح: احمد رفعت البدراوى، دار المعرفة، بيروت- لبنان، 1970م.
- ياقوت الحموى: شهاب الدين أبو عبدالله ياقوت بن عبدالله (ت626ه/1229م)
31- معجم البلدان، دار صادر، بيروت، 1977م.

**ژێدەرەكان بەعەرەبي:**

- الباجورى: عبدالله بن عفيفى (ت1364ه/
32- المرأة العربية في جاهليتها وإسلامها، مكتبة الثقافة، المدينة المنورة، 1933م.
- بدران: الشيخ عبدالقادر (ت1346ه/
33- منادمة الاطلال مسامرة الخيال، المكتبة الاسلامى، مطبعة روضة الشام دمشق، 1331م
- بيبرس المنصورى: ركن الدين بيبرس المنصورى الناصرى (ت725ه/1325م)
34- مختار الاخبار(تاريخ الدولة الايوبية ودولة المماليك البحرية حتى ســـنة 702ه، تص:عبدالحميد صـــالح حمدان، الدار المصرية اللبنانية، القاهرة، 1993م.
- الحافظ: محمد مطيع
35- اعلام النســاء الدمشــقى فى (الدين والجهاد والاجتماع والادب والشــعر والســياســة والتربية والدعوة)، ط1، دار المكتبى، دمشق، 2013م.
- رشيد الطائى: سجى مشعل
36- النساء الايوبيات ودورهن الحضارى فى بلاد الشام فى العصر الايوبى، المكتبة الجامعى الحديث، مصر، 2020م.
- السرحانى: خضر عيد

37- دمشــق من خلال كتب الرحلات فى العصــرين الايوبى والمملوكى الايوبى والمملوكى بين القرنين الســادس والثامن ه/ الثانى عشر والرابع عشر، تقديم: محمد الارناوؤط، د.مط، عمان، 2013.

- العبادى: أحمد مختار

38- فى التاريخ الايوبى والمملوكى، مؤسسة شبيل الجامعة الاسكندرية، القاهرة، 1992م.

- ابو العينين: سعيد

39- حكايات الجوارى فى قصور الخلافة، دار اخبار اليوم، مصر، 1998م.

- محمد: سوادى عبد

40- الاحوال الاجتماعية والاقتصادية فى بلاد الجزيرة الفراتية، دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، 1989م.

- يوسف: محمد خير رمضان

41- المرأة الكردية فى تاريخ الاسلام(تراجم الأميرات الكردية)، دار القادرى، بيروت، ط1، 1993م.

**ژێدەرەکان بەکوردی:**

- عیزەت: فائیزە محمد

42- ژیانی کۆمەڵایەتی کورد لە نێوان ســەدەکانی(4-9ك/10-15ز)، و:ســەرمەد ئەحمەد، خانەی موکریان، چ1، هەولێر، 2014ز.

- نامق: سامان

43- ژنخوازی سیاسی لە دەوڵەتی ئەیوبیدا، چ1، نارین، هەولێر،2016ز.

**ژێدەرەکان بەفارسی**

- حمزە: وصال

44- نساء الحاكمين، دار ابن حزم، 1999ش.

**توێژینەوەکان بەفارسی**

- توفيق، چلونگر وميرى: سعيد، محمد على و وجيهه

45- علل و زمينه هاي سياسـى ـــ مذهبى انحطاط فاطميان، دوفصـلنامه علمى - پژوهشـى مطالعات تاريخى جهان اسـلام شماره12، 1397ش.

- الشامى و اسحاقى: بانو أروى

**46-** فرمانرواي اسماعيلى مذهب يمن، نشريه هفت اسمان، پياپى56-57/ بهار 1932ش.

**توێژینەوەکان بەعەرەبی:**

- الداودى: محمد ابراهيم

47- تمويل المدارس فى العصر الايوبى، مجلة كلية التربية، ببور سعيد، ع7، 2010م

- الزعبى: فايزة محمود أحمد

48- مراسـيم زواج فى مصـر وبلاد الشـام فى العصـر الفاطمى حتى نهاية عصـر دولة المماليك، رسـالةالماجسـتير، التاريخ الاسلام، جامعة اليرموك، 2003م.

- شويش العانى: شوقى

49- المرأة المسلمة وأهليتها للعمل السياسى فى مجال الرئاسة، مجلة كلية الشريعة، العراق، ع5.

- عاشور: عبدالفتاح عبدالله

50- جهود علماء مصر والشام فى اصلاح المجتمع زمن الحروب الصلبية(491-692ه/1097-1292م)، رسالة الماجستير، التاريخ الاسلامى، كلية الاداب، الجامعة الاسلامية غزة، فلسطين، 2010م.

- عبدالستار وعلى: امينة عبدالكريم وعبدالخالق خميس

51- الحياة الاجتماعية فى الدولة الايوبية(567-648ك/1171-1250ز)، البحث مسـتل من رسـالة الماجسـتير، مجلة ديالى، كلية التربية، جامعة ديالى، ع65، 2015م.

- على السيوطى: محمد حسن

52- دور المرأة المسـلمة فى الحياة الفكرية فى واسـط حتى القرن الثامن الهجرى، وقائع مؤتمر كلية الاداب السـنوى الدولى الرابع، ج1/ع28، 2017م.

- فلاح القضاء: سناء احمد

53- المرأة فی مصر وبلاد الشام فی العصر الأيوبی(567-648ك/1171-1250ز)، الأطروحة دكتورا، الكلية الاداب، قسم التاريخ، الجامعة اليرموك، 2007م.

**توێژینەوە بەكوردی:**

- زەینەڵ: ئاراس فریق

**54-** سیستەمی دەرەبەگێتی لەسەردەمی بوەیهیەكاندا(334-447ك/945-1055ز)، كۆلێژی زانستە مرۆڤایەتییەكان، زانكۆی سلێمانی، گۆڤاری زانكۆی كۆیە، ژ10، 2009ز.

- عزیز: كرێكار عبدالرحمان

55- ژیانی تایبەتی پاشـا(مەلیكە)كانی ئەیوبی لە مصـر(589-648ك/1193-1250ز)، نامەی ماسـتەر، مێژووی ئیسـلامی، كۆلێژی ئەدەبیات، زانكۆی صلاح الدین، هەولێر، 2008ز.

**ژێدەرەكان بە ئینگلیزی:**

- G.E Vonrunebaum

56- cissical Islam, Ahistory Go-1258, rransiated by Kathering Watson, Landon, Georee Allan and Unwin LTD.